# پیروز بایبەك لەگەل پرسیاریك بو سەركردەكانی كورد

هیوا عەلی ئاغا
هولندا



لەپیشا پیروزبایی خوم ئاراستەی بەریزان مام جەلال و كاك مەسعود و هەمو ئەو سەركردانەی كەتوانیان بەدلیكی كوردایەتیوە كورد بگە ینن بە زوربەی زوری مافەكانی خوی .

پیرزبایی لە گیانی پاكی سەرجەم سەروەرانی كورد .. شیخی نەمر و قازی شهید كراو بارزانی نەمر، شەرەف كەندی ، قاسم لوو لەگیانی پاكی شهیدانی سالەها سالی ریگای ریزگاری خوازی كوردستان .. پیروزبیت لە گیانی پاكی ئەنفالەكانمان لەشەهیدانی كیمیا بارانی هەلەبجەو هەمو گوندو دیهاتو شارەكانی كوردستان .
پیروزباییک لەهەمو ئەو تیكوشەرانەی كە لەزندانەكانی داگیركەران بوون و هەن وەسەروەری هەمویان عەبدوللا ئوجەلان و هەموو زیندانی سیاسییەكانی كوردستان لەچوار چیوەی كوردستانی داگیر كراو .

بیگومانە كە هەنی لەشوفینی فكرەكانی عەرەب ئەیانەوی ئەوە بلین كە كورد لەكوردستانی باشور وەكو هەمو میلەتی عیراق خەباتی لەپیناوی لادانی رژیمی كورد ئەنفالكەر بوە كەرژیمی بەعسە ، ئەمەیش بوخوی تیروركردنیكی میژوی كوردە ، لەبەر ئەوەی خەباتی كورد زور لەو میژوە كون ترە كە ئەگەر بلین ئەگەریتەوە بو شورشی شیخی نەمر هیشتانە مافی شورشەكانی كوردمان نەداوە ، بەلام با ئەوە بكەینە پلەی یەكەمی شورشەكانی نوی لەكوردستانی باشور كە شیخی نەمەر بەرپرچی ئەو پیلانە میژوییەی كەدژ بەگەلی كورد كرا وبەش بەش بو بەسەر چوار ولاتی سەرەكی جگە لەزوی تری لەولاتانی دیكە .. لەنامەیەكی بو ( عصبة الامم ) واتە ئەو دازگایەی كە لەدوای شەری جیهانی یەكەم دروست كرا بو دانانی پیلانی ئاشتی و دابەش كردنی میراتی عوسمانیكان ئەو دازگایەی كە لەدواییدا نەتەوە یەك گردوكان لی كەوتەوە ، لەنامەكەیدا شیخی نەمر دەلی گەلی كورد لەكوردستانی ( باشور ) نایەوی ببیتە بەشیک لەعیراقی عەرەب .. ( شیخی نەمر دەلی كوردستانی باشور نەک كوردستانی عیراق ) .. كەئەمرو بەسەر كورد سەلمینرا بلی كوردستانی عیراق .

لەشورشی شیخي نەمر تا شورشی دوایی كورد كەئەم دەسكەوتانەی لیكەوتەوە كە تیپەر ئەبی بەسەر هەمو شورشەكانی كورد وەكو شورشی قازی و شورشی بارزانی .. گەلی كورد سەلماندوویەتی كە ملەتیكی ئازادی خوازە ، وهەمیشە هاتوتە پیری هاواری سەركردەكانی كورد بو شورشو خەبات .. بەلی گەنجی كورد هەردەم سنگی خوی كرتوتە فیشەک بەندو بەردی كوردستانی كردوە بە سەرینو ئاسمانی بەشەو پوش لەسەر شاخەكانی كوردستاندا بو ئەوەی دەنگی شورشی كورد بگا بەجیهانی دەرەوی ولاتانی داگیركەر و ری بە پیلانی دوژمنان بو كوژاندنەوەی ناوی كورد كە لتوركیا پیان ئەوترا توركە شاخاویكان لەعیراقیش ئەیان وت ( ابناء الشمال الحبیب ) نەدەنو هەرگیز ئەو میلەتە بەزیدوی بمینیتەوە .

ئەم راستیانە ئاشكرایە لای هەموان بیگومانیشە سەركردەكانی كوردیش زوریان قوربانی داوە لەو پینایەوە لەبنەمالەی خویان شان بەشانی گەلەكەیان ، ئەمەیش ئاشكرایەو گومانی لی نیە ، بەلام پیوستە باس لەهەلیش بكری بو ئەوەی دوبارە نەبیتەوە ، لەبەر ئەوی كە ئەو میلەتەی هەلەی خوی لەبیركا بیگومانە جاری تر روبەروی ئەو هەلانە دەبیتەوە .. لیرەیش دەبی بلین زور لەمیلەتانی جیهان هەلەیان هەبوە لەمیژوی خویان زورتر لەوەی كەسیاسەت مەدارانی كردویانە .. بەلام میلەتی ستەم دیدەی كورد هەردەم باجی هەلەی سەركردەكانی داوە لەگەل ئەوەیش هیچ روژی بریاری ئەوەی نەداوە كەپشت لەسەركردەكانی بكا و بەتەنیا لەشوینانی خەبات بیانهیلی .. لیرەیشدا ئەبی باس لەوە بكەین كە سەركردەكانی ئەمرو كاتی چونە سەر منبەر و بەدلیكی فراوان و زوانیكی راستی دان بەهەلی خویان نا ئەوە شتیكە زور كەم رو داوە لەم ناوچەیەی كە تیدا ئەژین بەلكو دەگمەن بوە .. وە دور لەهەمو تەفسیراتیكی ئەملاو ئەولا بو ئەو داوای لیبوردنیە ئەلین شتیكی دل خوش كەر بو ، بەلام جاریكی تر ئەیلیمەوە گەلی كورد ئەو هەلانەی زانیوەو هەلسانگاندیەتی و بریاری لەسەری داوە پیش ئەوەی ئەوان بیلین بەكاتیكی زور بەلام هەرگیز پشتیشی لیان نەكردوە هەر لەبەر ئەوەی شورشی لەناو نەچی و نەبیتە روسوای پیلانەكانی دوژمنان ، چاكیش ئەزانی كەدروست كردنی سەرد كردە شتیكی ئاسان نیە لەبەر ئەوە هەردەم گەلی كورد هەلگری ئەنجامی هەلەكانی سەركردەكان بوە وەكو بە عەرەبی ئەلین ( فوض امره الی اللە ) واتە دایەتە دەستی خواوە بەلكو چاكیان كا ، ئەوە گرنگ بوە لای گەل شورش بەردەوام بی .

ئەم جارەیش وەكو هەمو جاریک كە سەركردەكان ئەیان وت ئەمە شەری هاتو نەهاتە گەلی كورد رو بەروی شەری نەمانی خویەتی ، بەو مەبەستەوە گەنجان پەیوەندیان ئەكرد بەشورشەكانداو ئەچون بەرەو پیری شەرەكان .. ، دوا بەدوای هەلەكانی ئەم دواییەدا سەركردەكانی كورد كەباسمان كرد كە داوا میژوییەكەیان بو لیبوردنیان كرد ، گەلی كورد هەندی دور كەوتەوە لە بیركردنەوە لەگەل سەركردەكانی هەنی توشی دل ساردی و گومان بو، كە روشنبیران پیان وابو جاریكی تر ئەگەر ملەتی كورد توشی شەریكی گەورە بی كەس ناچی بەدەنگی سەركردەكانەوە ، بەلی واقیعی روژی كورد وای دەر ئەخست لەدوای سالانی شەری ناو خو برا كوژی دا .. بەلام میلەتی هەمیشە زیندوی

کورد جاریکی تر دوپاتی کردەوە کە ئەو سرودەی کردویەتی بەسرودی نیشتمانی خوی ( هەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان ) هەرگیز هەر نیشانەیەتی وهەرگیز هەر زیندوە ، ئەمجارەیش ملەت هات بەدەنگی سەرکردەکانی کەوتیان ئەمە جەنگیکی تری هات و نەهاتە بەلام بەشیوەی دستور و یاسا ، لەوکاتەی کە میلەت بەزورینەوە بریاری ریفراندومی دابو بو ئەوەی مافی سەر بەخویی خوی وەر گری ، بەلام سەرکردەکان وایان دەر خست کە ئەمرو روژی ئەوە نیەو داوایان کرد لەمیلەت ، بەدلیکی پر بە باوەر بەو میلەتە دل پاکە کە برون بو بنکەکانی دەنگدان و هەول بدەن بو زور کردنی دەنگی کورد لە پەرلەمانی داهاتوی عیراقدا .. میلەتیش وەکو هەمو کاتیک لەو ساتانەی هاتوە بەسەر کوردستان هات بەدەنگی سەرکردەکانو بەجلی جەژنی خوی لەناوەو دەرەوەی ولات دەنگدانیان کرد بەروژیکی جەژنی نەتەویی بوخویانو بەجوانترین جلو بەرگ سەلماندی بو میلەتانی جیهان کەکورد میلەتیکی ئاشتی خوازەو تاپی بکری بائاشتی داوای مافەکانی خوی ئەکا .

بەئالای کوردستانی گەورەو ئالای یەکەمین جمهوریەتی تیرور کراوی کورد ، ئالای سەتەها هەزار شەهیدی کورد چون بو مەلبەندەکانی دەنگدان بە تەپلو زورناو بە پیکەنینو خەندەی ئاشتیەوە .. بەگورانی و سرودی نیشتمانیەوە .. بەهەلپەرکیو دەستەی شایەوە هاتنە دەرەوە لەدەنگدان .

لیرە دا پرسیاریک دیتە پیشەوە بەلام پیش پرسیارەکە ئەبی ئەوە بلین کە ئەم دەرچونەی گەلی کورد کردی بەرەو بنکەکانی هەلبژاردن ئەودەرچونانە ئەخاتە بیرەوە کە روی دا لەکوردستاندا لە سالانی ( 1974 ،1991 ) ، هەر چەند ئەم جارەیان بەشیوەکی تر بو بەلام لەهەمان مەبەست بو ، کە پشتگیری کردن بو لەسەرکردە سیاسیکانی .. جا لیرە دا پرسیارەکەمان ئەکەین ، ئایە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەتوانی ئەم هەلمەتە نەتوەییە لەبیر کات و جاریکی تر گەلی کورد بکاتە قوربانی هەلەیەکی سیاسی گەورە ؟.

---

ئەم بابەتە بلاو بوتەوە بو یەکەم جار لەهەفتەنامەی پیامی کورد .